نووسینی  د. زاهیر سوران .
10 ی ئەیلولی 2004

# زەردوویی جۆری  E
# (Hepatitis E)

## ڤایرۆسی E

ڤایرۆسێکە لە جۆری RNA سەربە خێزانی Calcivirus ە تیرەکەی لە نێوان 27 –32 نانۆمیتردایە . ماوەی کڕکەوتنی ڤایرۆسەکە لە نێوان 2–9 هەفتەدایە . لە ماوەی کڕکەوتن وقۆناخی یەکەمی سۆکەدا دەتوانین ڤایرۆسەکە جودابکەینەوە . بەڵام دژەتەنی دژ بە ڤایرۆسەکە لە قۆناخە توندەکاندا دەردەکەوێت .

## ڕێگاکانی گواستنەوە

ئەم ڤایرۆسە وەك ڤایرۆسی جۆری  A بە ڕێگای سوڕی دەم پیساییەوە دەگوێزرێتەوە و ئەمیش دەبێتە هۆی درمە زەردوویی. ئەم جۆرە زەردوویییە لە هیندستان ، پاکستان ، ڕووسیا ، چین ، ناوەڕست و باکوری ئەفەریقا , پیرۆ و مەکسیکدا بەدی کراوە . لە زۆربەی بارەکاندا ڤایرۆسەکە بە هۆی ئاوی پیس بوو بە ڤایرۆسەکە بڵاودەبێتەوەو بە زۆری لاوان تووشی دەبن زۆرجاریش ڕیژەی مردن لە نێوان 1–2٪ دایە ، ڕێژەی مردن لە نێوان ژنە سکپڕەکاندا دەگاتە 20٪ ، ماوەی کڕکەوتنی ڤایرۆسەکە نزیکەی 6 هەفتەیە . نیشانەکانی ئەم جۆرە زەردووییە هەروەك نیشانەکانی زەردوویی جۆری A یە . زۆرجاران ئەو کەسانەی تووشی ئەم زەردووییە دەبن تەمەنیان لە نێوان 20–30 ساڵاندایە .

لە کاتی سۆکە بەم ڤایرۆسە کوتووپڕ ئەم نیشانانە لە نەخۆشدا دەردەکەوێت ماندوویی و بێهێزی ، کەمبونەوە یان نەمانی ئارەزووی خۆراك خواردن ، ماسولکە ژانکردن هەروەها نەخۆش تووشی هێڵنجدان و ڕشانەوەش دەبێت .

## دەستنیشانکردن

ئەم جۆرە زەردووییە لە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمێریکا و زۆربەی وڵاتە ئەوروپاییەکاندا کەمە ، تەنیا گومان لەو کەسانە دەکرێت کە ئەو نیشانانەی سەرەوەیان هەیە و لەناوچە درمەکانەوە هاتوون یان گەڕاونەتەوە . لەم ساڵانەی دوایدا تێستی سیرەمی  ELISA توانیویەتی ڤایرۆسەکە دەستنیشان بکات  هاوکات تێستی PCR دەتوانێت HEV  RNA لە سیرەمدا دەستنیشان بکات .

## چارەسەرکردن

لەوانەیە لە سۆی درێژخایەنەکاندا دەرمانی Ribavirin وInterferon وەك دژە ڤایرۆسێك کاربکەن .

بۆ سەرچاوەکان سەیری زەردوویی جۆری G  بکە .